Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(39), 2025

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# پرسە نەتەوەییەکان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین دوای ساڵی 2017 وەك نمونە•



| |
|---|
| دیار موحسین کانبی |
| قوتابی ماستەر، بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژە زانستە سیاسییەکان زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| ئیمێل: Diyartolas@gmail.com |
| پ.ی.د. شماڵ حسین مصطفی |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژە زانستە سیاسییەکان زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| ئیمیل: shamal.mustafa@su.edu.krd |





| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان: | Received: 25/03/2025 | ID No. 3925 |
| هەرێمی کوردستان – فەلەستین– سەربەخۆیی- ئۆتۆنۆمی. | Accepted: 27/03/2025 | (PP 143 - 162) |
| | Published: 27/07/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.7 |




## پوختە

ئەم توێژینەوە شیکارییەکی تەواو و نوێکاریانەی ئەنجامدەدات لە نێوان ڕەوتی سیاسی هەرێمی کوردستان و فەڵەستین، بە تایبەتی لە دوای گۆڕانکارییە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٧ەوە. هەردوو پرسەکە لەڕووی مێژوویی و خەباتکردنەوە جیاوازن، بەڵام هاوبەشییەکی ستراتیژیان هەیە لە ڕووی ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگە نێودەڵەتییەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خەونی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی. ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سیستەماتیک سەرچاوە جیاوازییەکانی کۆکردۆتەوە و بەکاریهێناوە، لەنێویاندا سەرچاوە نێودەوڵەتیەکان، شیکاری و ڕاپۆرتی میدیایی، پەرتووکە زانستییەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی تێروانینێکی نوێ پێشکەش بکات لەسەر پەیوەندی نێوان هەریەک لە پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین، ئەم توێژینەوەیە نەک هەر بەهایەکی زانستی هەیە بەڵکو دەکرێت وەک بنەمایەک بەکاربهێنرێت بۆ پلاندانە سیاسییەکانی داهاتوو. ئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی هاوشێوازییە ستراتیژییەکانی هەردوو پرسە لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی، وە شیکاری دەرفەت و ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیدا، لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان ئایندەی هەردوو پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین گرێدراوە بە گۆڕانکاری و سیاسەتە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان.


## پێشەکی

هەر یەک لە هەرێمی کوردستان و فەلەستین دوو هەرێمی خاوەن کۆنتێکستی مێژووی و سیاسی کۆمەلایەتی _ فەرهەنگی جیاوازن . لە هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی و چارەنوس و مافەکانی خۆیان و سەقامگیری ناوچەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دەرفەت و بەربەستی گەورە دەبنەوە هەردوو پرسەکە مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە لە هەوڵدان بۆ ئۆتۆنۆمی بوون بە

•ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە وەك بەشێك لە ماستەرنامەکەمە بە ناونیشانی ( بەراوردێک لە نێوان دەرفەت و بەربەستەکانی بەردەم هەریەک لە پرسی هەرێمی کوردستان و فەڵەستین دوای ساڵی ٢٠١٧ ) بلاونەکراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی پرۆسەی تاوتیکردن و بەخشینی بروانامەی ماستەر.

دەولەت و سەربەخۆیی، لە لایەکی تر بە خەباتەکانیان سەرنجی جیهان بەدەست بهێنن بە تایبەت دوای بەهاری عەرەبی لە سالی ٢٠١١ دا، هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقی فیدرال دوای ٢٠١٧ دەرفەتێکی نوێی هێنایە ئاراوە بۆ بەشداری سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری لە هەمان کاتدا لە دوای روخانی رژێمی بەعسی پێشوو ( سەدام حوسێن ) وەک قۆناغێکی زێرین بۆ هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت ، بەلام سەرەرای ئەوەش ئاستەنگی و بەربەستی گەورەی بۆ هاتۆتە پێش وەک دابەشبوونی ناوخۆی ، ململانێ لەگەل حکومەتی مەرکەزی لەسەر سەرچاوە نەوتیەکان و نانەوتیەکان و هەرەشەی بەردەوامی تاقمە تیرۆریستیەکان....هتد ، سەبارەت بە فەلەستین لە ململانێکی بەردەوام و ترسناک دایە لەگەل دەولەتی ئیسرائیل ، لەگەل ئەوەشدا لە هەولەکانی قوولبۆتەوە بۆ مانەوەی خاکەکەی و پاراستنی هەرێمەکەی سەرەڕایی ئەوەش دەرفەتەکانی ئاشتی و نێودەولەتی بەرەو مەحال دەرۆن و فەلەستینیەکان بە شێوەیەکی مێژووی بەردەوام رووبەرووی ئاستەنگی گەورە و جیهانی دەبنەوە وەک داگیرکاری سەربازی ئیسرائیل بە مەبەستی کۆتاپێهاتنی و داگیرکردنی تەواوی فەلەستین و سنوردارکردنی هێلی نێودەولەتی و ململانێی و دابەش بونی ناوەخۆیی و پشتیوانی  فراوانی ولاتانی رۆژئاوا بۆ ئیسرائیل کە وای کردووە کۆنترۆلی هاوکێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بکات .

ئامانجی توێژینەوە/ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە جەخت دەکاتە سەر شرۆڤەکردنی بارودۆخی هەردوو نەتەوە ، دەرفەت و بەربەستەکانی هەریەك لە هەرێمی کوردستان و فەلەستین و بەراوردێك لە نێوان هەریەك لە دۆزی هەرێمی کوردستان و فەلەستین دوای ساڵی 2017 و هەولدانێك بۆ گەیشتن و تێگەیشتن لە هەردوو دۆز بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەنوسی خۆیان و شی کردنەوەی گرینگترین ئاستەنگەکانی بەردەمیان.

گرینگی توێژینەوە/ گرینگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن و قولبونەوە لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی هەریەك لە دۆزی هەرێمی کوردستان و فەلەستین دوایی ساڵی 2017 کە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر بارودۆخ و چارەنوسی هەردوو دۆزەکە ، و تیشك خستنە سەر خالە بەهێزەکان بۆ ئەوەی هەر دوو دۆز بتوانن بگەن بە مافی چارەنوسە رەواکانی خۆیان و تیشك دەخاتە سەر کاریگەری و کارەکتەرە نێودەولەتیەکان کە چۆن پیشتیوانی نێودەولەتی بۆتە بەهێزبون و لاوازبونی هەریەك لەم دوو دۆزەدا.

کێشەی توێژینەوە / گرفتی توێژیینەوەکەمان لە ئەنجامی نەبوونی دیدگایەکی شیکاریی بەراوردکاری گشتگیردایە لە نێوان پرسی هەرێمی کوردستان و فەڵەستین لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ، سەرەڕای ئامانجە هاوشێوەکانیان وەک ڕزگاری نەتەوەیی ، بنیاتنانی دەوڵەت ، ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشەی ناوەخۆیی و دەرەکی دەبنەوە.

پرسیاری توێژینەوە/ پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەلسەنگاندنی پێگەی هەرێمی کوردستان و فەلەستین لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە ، دەست نیشان کردنی خالە هاوبەش و جیاوازەکانی هەریەك لە پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین چین ؟  گرینگترین دەرفەت و ئاستەنگەکانی هەر یەك لە دوو پرسە چین ؟ کارەکتەرە نێودەولەتیەکان چۆن کاریگەریان لەسەر هەر دوو پرسەکەدا هەیە ؟ دابەشبوونی ناوەخۆیی چۆن کاریگەری لەسەر هەردوو پرسەکە هەیە ؟ ئایا پێگەی ستراتیژی و ژیۆپۆلەتیکی فاکتەری سەرەکین بۆ هەریەک لە هەرێمی کوردستان و فەڵەستین بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی ؟  چ فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان بوونەتە هۆی جیاوازی پێگەی نێودەوڵەتی هەردوو پرس لە دوای 2017 ؟

گریمانەی توێژینەوە/ لە توێژینەوەکەمان گریمانەی ئەوەمان کردوە کە هەردوو پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین خاوەن کۆمەلێك خالی هاوبەش و لێکچون و جیاوازن کە کاریگەری تەواوی هەبوە لەسەر مافە رەواکانی هەر دوو گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان - عێراق و گەلی فەلەستین . و کارەکتەرە نێودەولەتیەکان رۆلی گرینگیان هەبوە لە رەخساندنی دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم هەردوو پرسەکەدا.

میتۆدی توێژینەوە/ سروشتی توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت کە پێویستمان بە ڕێباز و میتۆدی شیکاری و بەراودکاری لەگەل بەکارهێنانی شێواز و ڕێبازی چۆنایەتی ، بۆ بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان جەختمان لە ناساندنی چەمکەکان کردووە ، لە بەشی دووەم و سێیەمدا بۆ باسکردن لە هەردوو پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین پێویستمان بە میتۆدی شیکاری هەبووە ، هاوکات بۆ بەشی چوارەمی توێژینەوەکەمان میتۆدی بەراوردکاریمان بەکارهێناوە بۆ دەرفەت و ئاستەنگەکانی هەریەك لە هەرێمی کوردستان و فەلەستین و هاوکات لەگەڵ لێکچون و جیاوازیەکانیان .

چوارچێوەی تیۆری/ لەم توێژینەوەیەدا سودمان وەرگرتوە لە چوارچێوەیەکی تیۆری هەمەلایەنە کە لە ڕێگەیەوە پێکهاتەو جۆری توێژینەوەکە وا دەخوازێت کەوا لەم تیۆریە لەگەلی بگونجێت ئەویش بە شیکردنەوەی هەریەك لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی هەرێمی کوردستان و فەلەستین ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ تێگەیشتنی قوولتر سەبارەت بە هەردوو پرسەکە لە ڕێگای شیکردنەوە و بەراوردکاری خالە گرینگەکان لە لێکچون و جیاوازیەکانی نێوانیان.

چوارچێوەی کاتی و چوارچێوەی شوێنی :

یەکەم/ چوارچێوەی کاتی: چوارچێوەی کاتی ( زەمانی ) توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر ماوەی هەولدانی هەردوو گەلی هەرێمی کوردستان _ عێراق و گەلی فەلەستین لە دوای ساڵی 2017 ، چونکە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە و وەچەرخان ڕوویدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک ئەمانەی خوارەوە:

*ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە 2017

* گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە قودس لە 2017

* دارمانی داعش و گۆڕانکاری لە هاوکێشەی ناوچەکە

دووەم/ چوارچێوەی شوێنی: چوارچێوەی شوێنی ( المكاني ) ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە دەرفەت و ئاستەنگەکانی هەردوو دۆزی هەرێمی کوردستان _ عێراق و فەلەستین .

پێکهاتەی توێژینەوە / پێکهاتە و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان لە پوختە دواتر پێشەکیەك و لە چوار بەشدا ، بەشی یەکەم خۆی لە ناساندن و پێناسەی چەمکەکان دەبینێتەوە ، لە دوو باس پێکهاتووە ، باسی یەکەم لە چوار داواکاری پێکهاتوە ، داواکاری یەکەم پێناسەی نەتەوە ، داواکاری دووەم پێناسەی چەمکی دەوڵەت دەکەین ، داواکاری سێیەم دۆزە نەتەوەییەکان دەناسێنین ، داواکاری چوارەم باسی دوو لە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت دەکەین ( نەتەوەی کورد و فەلەستنییەکان ) باس دەکەین ، هەرچی تایبەتە بە باسی دووەم لە بەشی یەکەم هەوڵ دەدەین ڕوانگەی تیۆرییە نێودەوڵەتیەکان بخەینەڕوو سەبارەت بە پرس و دۆزە نەتەوەییەکان ، کە لە سێ داواکاری پێکدێت ، داواکاری یەکەم ، خستنەڕووی ڕوانگەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم بۆ پرسە نەتەوەییەکان ، داواکاری دووەم بریتیە لە خستنەڕووی تیڕوانینی تیۆری ڕیالیزم بۆ پرسە نەتەوەییەکان ، داواکاری سێیەم لە بەشی یەکەم بریتیە لە ڕوانگەی تیۆری لیبڕالیزم بۆ بابەت و پرسە نەتەوەییەکان ، دواتر لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان باس لە هەریمی کوردستان دەکەین و قۆناغەکانی پێشکەوتنی دوایی سالی 1991 و خستنەڕووی پێگەی یاسای هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵ ، بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە پرسی فەلەستین وەك یەکێك لە گرینگترین پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت لە پێکهاتە و هاوکیشەکانی ناوچەکە ، لە هەمانکاتدا پێگەی یاسایی پرسی فەلەستین دەخەینەڕوو ، هەر لەم بەشەدا باس لە ڕەهەندەکانی پرسی فەلەستین دەکەین لەسەر ئاستی ( ناوەخۆ ، دەرەوە ) ، هەرچی تایبەتە بە بەشی چوارەم ئایندە و ئاسۆی هەر دوو پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین دەخەینەڕوو ، کە لە داواکاری یەکەم ، ئاسۆی هەرێمی کوردستان پێکدێت ، داواکاری دووەم تایبەتە بە ئاسۆ و ئایندەی پرسی فەلەستین ، لە کۆتایشدا دەرەنجامی توێژینەوەکەمان دیاری دەکەین . لە لاپەرەی کۆتایش لیستی سەرچاوەکان ئاماژە پێدەدەین .

## بەشی یەکەم/ ناساندنی چەمکەکان و پێناسەکردنیان

### باسی یەکەم / پێناسەی چەمکەکان

### داواکاری یەکەم: چەمکی نەتەوە

نەتەوە لە رووی زمانەوانیەوە : ئینسایکلۆپیدیای نێودەولەتی بۆ زانستە کۆمەلاتییەکان بۆچونی وایە " وشەی نەتەوە لە وشەی لاتینی ( Nasci ) وەرگیراوە کە بە مانای ( to be born ) واتە لە دایك بوون"[1].

لە سەدەی چواردەی زاینی لە زمانی فەرەنسی ( Nacion ) کە لە وشەی لاتینی ( Nationem ) وەرگیراوە کە بە واتای رەگەز و نەژاد دێت .[2]

وشەی نەتەوە بەرئەنجامی گۆرانێکی واتایی دورودرێژ و ئالۆزە ، دواتر لە رۆمادا ، بەو کەسانە دەوترا نەتەوە کە بێگانە بون ، یاخود بیانی بون ، پێگەی کۆمەلایەتیان نزمتر بوو لە خەلکی رەسەنی شار . لە سەدەکانی ناوەراست بەو قوتابیانە دەوترا نەتەوە کە لە زانکۆکانی دەرەوەی ناوچەی خۆیان دەیانخوێند . لە سەدەی شانزە ئەم ناوە درایە پاڵ خەلکی بەریتانیا بە هاو واتایی خەلك پێناسە دەکرا کە هەلگری واتا سیاسیەکەی ئەمرۆیە[3] .

و لە زمانی عەرەبی وشەی ( القوم ) یان ( الامة ) بۆ نەتەوە بە کاردێت ، کە گوزارشت دەکات لە کۆمەلێك خەلك کە پێکەوە دەژین لەسەر خاکێکی جێگیر و دیاریکراو کە چەندین خالی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، وەکو ویستی هاوبەش ، زمانی هاوبەش ، بیروباوەڕی هاوبەش ، لە سیستەمێکی دیاریکراودا پەیوەندیەکانیان رێك دەخەن[4]. پێناسەیەکی تری نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگایەکی خیالیی سیاسییە کە لە ڕوانگەی ئەندامەکانیەوە سنوردار و سەربەخۆ دادەنرێت ، خاوەنی سنورێکی سنوردارە.[5]

نەتەوە : لە کۆمەلێک خەلک پێکدێت کە خاوەن تایبەتمەندیەکی هاوبەشن ئەگەر ئەم خەلکە مێژوو و کەلتورێکی هاوبەشی هەبێت یاخود خاوەن زمان و دابونەریتی هاوبەش بن یاخود لێکچوون هەبوو لە شێوازی ژیانیان ئەوا ئەم خەلکە نەتەوە پێکدێنن هەروەها هەموو ئەو خەلکانەی کە خالی هاوبەشیان هەیە دەبێت لابەندی ( ولاء ) بۆ نەتەوەکەو نوێنەری یاساییەکەی هەبێت.[6]

### داواکاری دووەم: چەمکی دەوڵەت

چەمکی دەولەت وەکو زۆربەی چەمکەکانی دیکەی سەر بە زانستە کۆمەلایەتیەکان هەلگری چەندین تێروانین و گۆشە نیگای جیاوازە ، و لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەند و تیۆریستانەوە بە شێوەی جیا جیا پێناسەی بۆ کراوە. کەواتە بۆ دەستنیشانکردن و پیناسەکردنی دەولەت ناتوانین بە شێوەیەکی تەواو یەکانگیر رێکبکەوین ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو گرنگی پێدانەی لە لایەن زانایانی سیاسی و یاسایی و دەستوری ، بە جیا دەولەتیان ناساندوە و قسەیان لەبارەیەوە کردوە ، دەوڵەت : بە مانا فراوانەکەی بریتیە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەر کۆمەلگایەك بە پێی دەستور نەخشەکێش بکرێت ، بەلام

---

[1] David L sills and others , International Encyclopedia of the social sciences, second Edition, The macmillan Company & The free press , Volume 11-12 ,New york , 1972 , p:8

[2] هەورامان فەریق کەریم ، سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەریمی کوردستان ، هەشتەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەولەتی ( Reform and Political Change ) زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، سلێمانی ، ٢٠٢١ ، لا : ٢٩٠

[3] هەورامان فەریق ، چەمکناسی : نەتەوە ، ناسنامەی ئیتنیکی ، ناسنامەی نەتەوەیی ، وەرزەنامەی ئێرانناسی ، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی ، سلێمانی ، ژمارە ٢ ، کانونی دووەمی ٢٠٢٢ ، ل ١٥٤- ١٥٥

[4] د وضاع زيتون ، المعجم السياسى ، دار أسامة النشر و التوزيع و دار المشرق الثقافى ، عمان ، ٢٠٠٦ ، ص : ٤٥.

[5] Anderson, B. (1983) Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso, p. 6.

[6] [6]کارێن أ . مینگست ، ئیڤان م . ئارێگوین ، بنەماکانی پەیوەندییە نێودەولەتیەکان ، و: لە ئینگلیزیەوە عومەر عەلی غەفور ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، ٢٠٢٢ ، لا ١٩٠.

له مانا بەرتەسكەكەیدا بریتیە : لە دەسەڵاتێك كە چارەنوسی كۆمەلگایەكی لە ئەستۆدایە ، لە مانا گشتیەكەیدا بریتیە : لە كۆمەلێك رێكخراوی بەرێوبەری كە دەسەڵاتی بەرێوبردنی كۆمەلگایەكی لە ئەستۆدایە.[1]

پێناسەیەكی تری دەولەت : بریتیە لە گەلێكی سەقامگیر لە چوارچێوەی هەرێمێكی دیاریكراودا و ملكەچی دەسەلاتێكی سیاسیە هەم خاوەن سەروەریە و پادەی رەفتارەكانی دەكات و لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە بە هیچ شێوەیەكیش ملكەچ و پاشكۆی هیچ دەسەلاتێكی تر نیە، یان : بریتیە لە قەوارەیەكی كۆمەلایەتی سیاسیە كە لە كۆمەلێک خەلک پێک هاتووە لە ژێر سایەی هەرێمێكدا كە دەتوانن بە هەمیشەیی ژیان بكەن.[2]

### داواكاری سێیەم: دۆزە نەتەوەییەكان

دۆزە نەتەوەییەكان : ئاماژەیە بۆ بزووتنەوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان كە كۆمەڵێک کەس کە زۆرجار بە نەتەوە، زمان، یان کولتووری هاوبەش پێناسە دەکرێن، هەوڵ دەدەن هەندێک فۆڕمی چارەنووس یان مافی چارە خۆنووسین، ئۆتۆنۆمی، یان سەربەخۆیی تەواو بەدەستبهێنن. لێرەدا چەند پێناسەیەکی بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەخەینەڕوو، کە بە شیوەیەکی ئەکادیمی پشتگیری دەکرێن:

١. بزووتنەوەی خۆدیاریکردنی سیاسی (سەربەخۆیی سیاسی):

بزووتنەوە نەتەوەییەکان بریتین لە هەوڵدانی کۆمەڵێک کەس بۆ بە دەستهینانی سەربەخۆیی سیاسی یان ئۆتۆنۆمی لە دەسەڵاتێکی سیاسی ، زۆرجاریش بۆ دەستەبەرکردنی خۆبەڕێوەبەری. ئەم بزووتنەوانە زۆرجار کاتێک ڕوودەدەن کە نەتەوەیەک هەست بە پەراوێزخستن بکات لەناو قەوارەیەکی سیاسی گەورەتردا.

٢. بزووتنەوەکانی کولتووری و نەتەوەیی

بزووتنەوە کولتووری و نەتەوەییەکان ئاماژەن بۆ هەوڵەکانی کۆمەڵێک کەس، کە زۆرجار لەلایەن نەتەوە، زمان، ئایین، یان کولتووری هاوبەشەوە یەکدەگرنەوە، بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەی خۆیان و پێشخستنی مافە بەکۆمەڵەکانیان. ئەم بزووتنەوانە زۆرجار ئامانجیان پاراستن یان زیندووکردنەوەی میراتی کولتووری، گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی، یان دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە. فۆرم و ئامانجەکانیان زۆر جیاوازە، ئەمەش بەپێی زەمینە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، واتا جەختکردنەوەیە لەسەر هێما و کولتوورەکان، زمان، ئەدەب، و نەریتەکان وەک نیشاندەری ناسنامە.

٣. بزوتنەوەکانی دژە کۆلۆنیالیزم

ئەم بزووتنەوەیە لە هەوڵەکانی گەلان و گەلانی کۆلۆنیالیزم بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم دەگرێتەوە کە لە سەدەی پازدە تا بیستەمدا بەسەر بەشێکی زۆری جیهاندا زاڵبوو. بەهۆی خواستی چارەنووس و سەروەری و بوژانەوەی کولتوورییەوە، زۆرجار لە وەڵامی ئەو ئیستغلالکردنی ئابووری و ژێردەستەیی سیاسی و سەرکوتکردنی کولتوورییەوە بوو کە لەلایەن زلهێزە کۆلۆنیالیزمەکانەوە سەپێندرابوو.[3]

### داواكاری چوارەم : چەمكی نەتەوە بێ دەوڵەتەكان

پێكهاتەیەكی فەرهەنگیی جۆراوجۆرە كە خۆیان بە نەتەوە دەزانن و خاوەنی ناسنامە و كولتور و زمان و ئاڵا .... تایبەت بە خۆیان و هەروەها توانای دامەزراندن و بەرێوبردنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی مۆدێرنیان لەسەر بنەمای شوناس و ناسنامەی

---

[1] چنور ئەكبەر پوور ، فەرهەنگی سیاسی ، و لە فارسیەوە : زاهیر محمەدی و یاسین حاجی زادە ، ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، ٢٠٠٦ ، لا ٢١٧.

[2] د.عبدوللە عەلی عەبۆ ، یاسای نێودەولەتی گشتی ، چاپخانەی یادگار ، چاپی یەكەم ، ٢٠١٧ ، ل ٢٣٨.

[3] Gellner, E. (1983). Nations and Nationalism. Cornell University Press, p35

تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام زۆرێکیان تا ئێستاش نەیانتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. بەم شێوەیەش پێیان دەوترێت " نەتەوەی بێ دەوڵەت"[1].

گەورەترین نەتەوە بێ دەولەتەکان:

1 .کورد

ئەگەر کوردەکان وڵاتی خۆیان هەبووایە، بە درێژایی ١٩٣ هەزار میل چوارگۆشە (٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە) درێژ دەبووەوە کە ئێستا لە سنوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکووری عێراق، باکووری سووریا و باکووری ڕۆژئاوای ئێراندان ، بەڵام گەلی کورد ئەگەرچی چەندین سەدە ئیدیعای ئەم خاکە یەک لە دوای یەکە دەکات، بەڵام نەتەوەیەک دانپێدانراو نین . دوای جەنگی جیهانی یەکەم، هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا پلانیان بۆ دروستکردنی "کوردستان" داڕشت، بەڵام هەڵوەشێنرایەوە کاتێک پەیمانی لۆزان سنوورەکانی بۆ تورکیا لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆن دیاریکرد و هیچ بڕگەیەکی بۆ ئەم وڵاتە نەبوو ، ژمارەی دانیشتوانی کورد لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن کەس مەزەندە کراوە کە بە زمان و داب و نەریت یەکگرتوون، نەک ئایین (هەرچەندە زۆربەیان موسڵمانن.) هەمیشە لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی نەتەوەیی ناوچەکەوە گومانی زۆریان لێ کراوە "بیانییەکان" لەسەر خاکی خۆیان. لە عێراق لە ساڵی 1980دا 300 هەزار کورد ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە بەهۆی ناپاکییان یاخود ( لادانیان ) بەرامبەر سەدام حوسێن. سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق ، کاتێک چەکدارانی پێشمەرگەی کورد لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چەکیان دژی سەدام هەڵگرت، سەدامی دیکتاتۆر لە وەڵامدا شارێکی کوردی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد و بە مەزەندەکردنی (٥) هەزار پیاو و ژن و منداڵی مەدەنی شەهید بوون ، دوای ڕوخانی سەدام حوسێن و رژێمی پێشوو ، کوردانی عێراق دانوستانیان کرد بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆ بە ناوی ( هەرێمی کوردستان ) کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی تایبەت بە خۆیان هەیە ، کە نزیکەی 5 ملیۆن کوردی زیاتر تێدا نیشتەجێیە بەڵام هێشتا وڵاتی خۆیان نییە.

2 .فەلەستینییەکان

.فەلەستین وڵات نییە، هەرچەندە ١٣٦ وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان فەلەستین وەک دەوڵەتی خاوەن سەروەری خۆیان دەناسن. بەڵام لە لایەن دوو وڵاتی ڕەتدەکرێتەوە : ئیسرائیل کە هەموو فەلەستین بە "خاکی داگیرکراو" لە سنوورەکانی خۆیدا دەزانێت؛ و ئەمریکا کە ڕەتیدەکاتەوە دان بە سەربەخۆیی فەلەستیندا بنێت.
فەلەستینییەکان گرووپێکی نەتەوەیی و ئایینی یەکسان نین وەک کورد و ڕۆهینگیا. ئەوەی فەلەستینییەکان تیادا هاوبەشن، ئەو قسەیە کە دەڵێن لە زێدی مێژوویی خۆیان ئاوارە بوون – لەم حاڵەتەدا لە کاتی دوو ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٦٧. لە ساڵی ١٩٤٧ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا وڵاتی فەلەستین دابەش بکات (ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٤٠٠ میل چوارگۆشەیە یان ٦٢١٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە) بۆ دەوڵەتێکی جولەکە (کە بوو بە ئیسرائیل) و دەوڵەتێکی عەرەبی. ئەمەش لەلایەن فەلەستینییە نیشتەجێیەکانەوە بە توندی دژایەتی کرا، کە دەستیان کرد بە بەرگری کردن و هێرش بردن بۆ شەڕ – هاوپەیمانییەکانی گەلانی عەرەب بەو بیانوە چەندین جار هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل.
ئاژانسی فریاگوزاری و کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNRWA) لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ یارمەتیدانی ئەو پەنابەرە فەلەستینییانەی کە لە شەڕەکانی عەرەب و ئیسرائیلدا ماڵ و بژێوی ژیانیان لەدەستدابوو، دامەزرا . بە گشتی بە ڕێژەی سەروو 5 ملیۆن تۆمارکراون و بەو پێیەی هێشتا وڵاتی خۆی نییە، ئەو 5.5 ملیۆن کەسە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە بێ

[1] Payind, & McClimans, M. (2016). ***Nation States and Stateless Nations***. Pressbooks.pub; The Ohio State University. https://ohiostate.pressbooks.pub/key2mideast/chapter/nation-states-and-stateless-nations/

دەوڵەت دادەنرێت. زیاتر لە نیوەیان لە ئوردن دەژین و سێیەکیشیان لە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژئاوا دەژین و لەسەدا ١٥ لە سوریا و لوبنان دەژین.[1]

کورد نەتەوەیەکی دابەش کراوە بەسەر چوار دەولەتی گەورەی دراوسێی کە چەندین سەدەیە لە ململانێی بەردەوام دایە لەگەل دەولەتانی ( تورکیا ، سوریا ، عێراق ، ئێران ) کە تا ئێستاش پرسەکەی بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە ، بە هەمان شێوەش گەلی فەلەستین نەتەوەیەکی بێ دەولەتە کە چەندین سالە لە خابات و شۆرشی بەردەوام دایە لە بەرامبەر دەولەتی ئیسرائیل چونکە پێیان وایە لە سالی ١٩٤٨ دامەزراندنی دەولەتی جولەکە بۆتە هۆی دورخستنەوە و پەراوێزخستنی گەلی فەلەستین چونکە پێیان وایە زەویان داگیرکراوە و لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ململانێی قورسدان تا ئێستاش ، بۆیە تێگەیشتن لە چەمکی نەتەوەی بێ دەولەت روانگەیەکی گشتگیرو باشتر دروست دەکات بۆ هەموو ئەو کێشەو ململانێیەی کە لە جیهانی ئێستادا بونی هەیە.[2]

### باسی دووەم : روانگەی تیۆریە نێودەوڵەتییەکان ( کۆنستراکتیڤیزم - ریالیزم - لیبرالیزم ) بۆ دۆزە نەتەوەییەکان

#### داواکاری یەکەم/ روانگەی تیۆری ( کۆنستراکتیڤیزم Constructivism) بۆ دۆزە نەتەوەییەکان

بونیادگەرایی، وەک ڕوانگەیەکی تیۆری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جەخت لەسەر سروشتی بنیاتنراوی کۆمەڵایەتی واقیع و ڕۆڵی بیرۆکە و ناسنامە و نۆرمەکان لە دارِشتنی پرسە نیشتمانی و جیهانییەکان دەکاتەوە. بە پێچەوانەی تیۆرییە ماتریالیستەکانی وەک ڕیالیزم یان لیبرالیزم، بونیادگەرایی دەڵێت بەرژەوەندی و شوناسە نەتەوەییەکان جێگیر نین یان تەنیا بە هۆکاری ماددی وەک دەسەڵات یان سامانەوە ناجوولێن؛ بەڵکو لە ڕێگەی پرۆسەی مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب دەدرێن. بۆ نموونە پرسە نیشتمانییەکانی وەک کۆچبەری، گۆڕانی کەشوهەوا، یان ئاسایش لە سەرانسەری وڵاتاندا بە شێوەیەکی جیاواز لێکدەدرێتەوە بەهۆی جیاوازی ناسنامە و نۆرم و بیروباوەڕەکانەوە. بونیادگەران تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن گوتار و تێگەیشتنە نێوان سوبژێکتیڤەکان لە نێوان ئەکتەرەکاندا پێناسەی ئەو شتە دەکەن کە بە پرسێکی نیشتمانی دادەنرێت و وەڵامە گونجاوەکان بۆی. ئەم دیدگایە بە تایبەتی بەنرخە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەوڵەتەکان سیاسەتەکانیان لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان یان فشارە کۆمەڵایەتییەکان بنیات دەنێن، وەک هاوکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا بەهۆی نۆرمەکانی بەرپرسیارێتی ژینگەییەوە. زانایانی وەک ئەلێکساندەر وێند جەختیان لەوە کردووەتەوە کە "ئەنارکی(بێ حوکمەتی) ئەوەیە کە دەوڵەتەکان لێی دروست دەکەن"، ئەمەش نیشان دەدات کە چۆن سیستەمی نێودەوڵەتی و ئەولەویەتەکانی نیشتمانی بەرهەمی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانن نەک ڕاستییە سروشتییەکان[3]. بەم پێیە بونیادگەرایی جەخت لەسەر گرنگی بیرۆکە و ناسنامەی بەکۆمەڵ و چوارچێوە و بنەما و ڕەوشانە کە وەک ڕێنمایی یان ستاندارد بۆ ڕەفتار، یان کار کردن لە ڕووی کەلتوری، کۆمەڵایەتی، یاسایی دەکاتەوە لە دارِشتنی هەردوو دیمەنی سیاسەتی ناوخۆیی و جیهانیدا.[4]

#### داواکاری دووەم / ڕوانگەی ڕیالیزم بۆ دۆزە نەتەوەیەکان

---

[1] Roos, D. (2019, October 28). *5 Large Nations With No Homeland*. HowStuffWorks. https://history.howstuffworks.com/world-history/people-groups-with-no-homelands.htm

[2] Albert.io. (n.d.). *Stateless nations: AP human geography crash course review*. Retrieved October 30, 2023, from https://www.albert.io/blog/stateless-nations-ap-human-geography-crash-course-review/

[3] Wendt, A. (1992). Anarchy is what states make of it: The social construction of power politics. International Organization, 46(2), p 391.

[4] Finnemore, M., & Sikkink, K. (1998). International norm dynamics and political change. International Organization, 52(4), p887 .

ڕیالیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا هەموو دەوڵەتەکان بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان ڕەفتار دەکەن. گرنگترین بەرژەوەندی نەتەوەیی، مانەوەی دەوڵەتە، و پەیوەستە بەو دەسەڵاتەی کە دەوڵەت لەبەردەستیدایە. جگە لەوەش، چۆن ئەم ژینگە نێودەوڵەتییە بە خەباتی بەردەوام تایبەتمەندە، بە ناچاری بەرژەوەندی دەوڵەتەکان بەریەکدەکەون. بۆیە دەوڵەتەکان ناسەقامگیرن، دەبێت دڵنیابن لەوەی دەسەڵاتیان بەسە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی دەوڵەتانی تر. ئاسایشی دەوڵەت پێویستی بە بەڕێوەبردنی عەقڵانی دەسەڵات هەیە و تەنیا ئەو سیاسەتانەی بەم ڕۆحەوە بەڕێوە دەچن دەتوانن خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەیی بکەن. ئەو زانا ڕیالیستەی کە نووسین و بەرهەمەکانی لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی زۆرترین کاریگەری و هەروەها زۆرترین ڕەخنەی لێ گیراوە، هانس مۆرگنتاویە. نووسینی مۆرگنتاو لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و دۆزە نەتەوەییەکان وای کرد بوە هۆی زیاتر پەرەپێدان بە چەمکە نەتەوەییەکان و بەرژەوەندە نەتەوەییەکان. لێکۆڵینەوەکانی پاڵنەر و هاندانی زیاتر بۆ تیۆریستەکانی تر کە بەشدارییەکی گەورەیان لە پەرەپێدانی بەرژەوەندی نیشتمانی وەک ئامرازێکی شیکاری بەنرخ بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە ئاسایشییەکانی وەک ڕیمۆند ئارۆن و کینێس والتز بەخشی.[1]

### داواکاری سێیەم / ڕوانگەی لیبڕالیزم بۆ دۆزە نەتەوەییەکان

روانگەی لیبڕالیزم بۆ دۆزە نەتەوەییەکان : لە قۆناغی سەرەتادا لیبڕالیزم تێکەڵ بە ئەندێشە و ئایدیای دروستکردنی نەتەوە هاوچەرخەکان بوو ، ئەمەش کاتێك نەتەوەکان لە ژێر چەتری دامەزراوەی سیاسی هاوشێوە بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەت و فیودالەکان خەباتیان دەکرد ، نەتەوە وەك کۆی هاولاتیانی دەولەت بوو کە خاوەن شوێنێکی نیشتەجێبونی هاوبەش و ئاستی ئابوری هاوبەشن کە تیادا تاکەکان پەیوەندییان پێکەوە گرێدا بوو ، کە هیچ هۆکارێکی ئەتنی و ئاینی یاخود چینایەتی گرینگیەکی ئەوتۆی نەبوو ، و جیاوازی ناسیۆنالیزمی لیبڕال لەگەل ئەوانی تر ئەوەیە کە هیچ بەهایەك بۆ کۆمەلەکانی ئیتنی - ئاینی و مێژوویی رەچاو ناکات ، واتە تەنها سود و جیاوازیەك وەکو گرێبەستی گشت تاکەکانی دروستکەری دەولەت ئەویش گرینگی ئەندێشەی پراگماتیکی دیاریکراوە.[2]

## بەشی دووەم / دروستبوونی هەرێمی کوردستان و قۆناغەکانی پێشکەوتنی دوای ساڵی ١٩٩١

کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو دروست بوونی سیستەمێکی نوێی جیهانی و داگیرکردنی کویت لە لایەن رژێمی عێراق بە گەلێک هۆکاری کاریگەر دادەنرێت کە بووە هۆی گەورەکردنی یاخود پرس گرێیەکی ( القضیة کوردی ) ، کوردەکان توانیان بە شێوەیەکی زۆر سود لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرن خەڵکی کوردستان بە یارمەتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان[*] زۆربەی ناوچەکانیان رزگار کرد ، دوای ئەمەش بۆ یەکەمین جار لە ئەنجامی کۆرەوی خەلکی کوردستان لە نیسانی ١٩٩١ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بریاری ( ٦٨٨ ) درا لە ١٩٩١/٤/٥ بۆ پارێزگاری کردن لە هاولاتیانی مەدەنی و بە تایبەت میلەتی کورد هەروەها بۆ نەهێشتنی مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری نێودەولەتی لە ناوچەکە پاش ئەم بریارە لە لایەن هاوپەیمانان کوردستان کرا بە (ناوچەیەکی دژە فرین[3] ( No Fly Zone ) ، واتە راپەرینی خەلکی کوردستان

---

[1] Waltz, K. (1979). Theory of International Politics. Berkeley: University of California. ISBN 0-201-08349-3, p. 96.

[2] ئەلیکساندەر دۆگین ، تیۆری چوارەمی سیاسەت ، و : وریا غەفوری ، چاپخانەی حەمدی ، دەزگای ئایدیا ، ٢٠١٧ ، ل ٥١

* هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو زاراوەیەکی سیاسی و یاسایی لە پاش راپەرین و بەهاری سالی ١٩٩١ ی کورد دا لە کوردستانی باشور دروست بوو و لە لایەن پەرلەمانی کوردستان لە هەلبژاردنی ١٩٩٢ دا بە فەرمی ناسێنرا هەروەها هەرێمێکی فیدرالە بە پێی دەستوری هەمیشەیی عێراق سالی ٢٠٠٥ لە مادەی (١١٧) ی برگەی یەکدا بە فەرمی دانی پێدانراوە و زۆر جار بە ( کوردستانی عێراق یان بە کوردستانی باشور ) دەناسرێت لە رووی جوگرافیەوە لە نێو سنوری دەولەتی عێراقدایە بەلام لەگەل ئەوەشدا خاوەن دەسەلاتێکی سەربەخۆیە و دانیشتوانەکەی زۆربەی لە نەتەوەی کوردن لە رووی ژمارەوە و لەگەل هەبوونی کەمینە نەتەوە و ئاینەکانی تردا لەگەل ئەوەشدا هەرێمی کوردستان لە رووی سنوریەوە تا ئێستا

لە بەهاری ١٩٩١ ، دەرفەتێك و وەچەرخانێكی مێژوویی بوو بۆ گشت خەلكی كوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد ، لەگەل ئەوەشدا خەلكی كوردستان نمونەی رەوشت و فەرهەنگی بەرزی خۆی پیشاندا[1].

لە هەمان كاتیشدا لە شوباتی ٢٠٠٣ سەركردایەتی كورد بە ئاشكرایی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەمریكا لە شەری دژ بە رژێمی سەدام راگەیاند پێشتر هەلوێستەكانی ئەمریكا بەرامبەر كورد هەمیشە لە ژێر كاریگەری توركیا دابوو بەلام پشتیوانی كورد لە ئەمریكا لە شەر وای كرد زۆر بە زەحمەت ئەمریكا بۆ رازیكردنی توركیا كورد بەجێبهێلێت بەمەش شەر گەورەترین تەكانی بە سیاسەتی دەرەوەی كورد دا و بوو بە دەرفەتێک بۆ دیاریكردنی جێ پەنجەی كورد لە گۆرەپانی ناوەخۆیی و هەرێمی و نێودەولەتی دا دەیانتوانی ئەم پێگە بەهێزەیان بۆ گەشەپێدانی پرۆژەی نەتەوایەتی بەكاربهێنن[2]. یەكەم هەنگاوی سیاسی بۆ بونیادنانەوەی عێراق دروستكردنی ئەنجومەنێكی عێراقی بوو بۆ حكومرانی بە بەشداری گشت پێكهاتە و مەزهەب و ئاین و حیزبی و ....تاد.كە زیاتر لە ( ٢٥ ) ئەندام پێكهاتبوو ، چەند ئەندامێكی كورد بەشدار بون گرینگترینیان سەرۆك ( مسعود بارزانی ) سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆك ( جەلال تاڵەبانی ) سكرتێری پێشووی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ، دواتر ئەنجومەنێكی سەركردایەتیان دروست كرد كە ژمارەیان ٩ كەس بوو دەسەلاتیان وەردەگرت بە شێوەیەكی خولی[3].

واتە دوای روخانی دەولەتی عێراق لە لایەن ئەمریكا و هاوپەیمانانی نێودەولەتیەوە لە نیسانی ٢٠٠٣ ، بەمەش پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستان چوە قۆناخێكی نوێوە بەمەش لە ماددەكانی ( ١١٧ و ١٢١ ) دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥ هەرێمی كوردستان وەك هەرێمیكی فیدرال دانپێدانرا. [4] بەمەش پێوستی گۆرانكاری ناوەخۆیی لە هەرێمی كوردستان چوە ئاستێكی زیاتر و لە ٢٠٠٥/٩/١٥ یەكەمین هەلبژاردنی پەرلەمانی لە پاش روخانی رژێمی بەعس ئەنجامدرا ، خولی دوەمی پەرلەمان ، دوایی ئەمەش لە ٢٠٠٦/١/٢١ لە نێوان مام جلال و كاك مسعود رێكەوتنێك هاتەكایەوە لە ژێر ناوی ( رێكەوتنی سەرلەنوێ یەكگرتنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ) بەمەش لە ٢٠٠٦/٥/٧ پەرلەمانی كوردستان متمانەی بە كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێم بەخشی واتە ( كابینەی یەكگرتووی حكومەتی هەرێم)[5] واتە ئەو دەستورەی ٢٠٠٥ كە بۆ عێراق نوسرا و لە لایەن پێكهاتە و میلەتانی عێراق پەسندكرا ، و دەستورێكی نوێ و تازە بوو بۆ ئەوەی عێراقێكی دیموكراتی و فرەلایەن و فیدرالی بنیات بنێرێت تیادا گشت لایەن و پێكهاتەكان شەراكەت هەبێت لە نێوانیان ، ئەگەر چی دەستورێكی باش و سەردەمیانە بوو بەراورد بە دەستورەكانی تر بەلام بێ كەم و كوریش نەبوو ، و لایەنە كوردستانیەكان رۆلێكی گرینكیان هەبوو لە دارشتنی ئەم دەستورە ، و بێ بەشداربونی كورد هەرگیز نەدەتوانرا بەو شێوەیە بنوسرێت ، بۆیە لە

---

بە تەواوی دیاری نەكراوە كێشەی بەردەوامی لەگەلدا هەیە بە پێی مادەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە سالی ٢٠٠٥ دا تاكو ئێستا كێشەی سنوری هەیە بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە سەرچاوەی : نەبەز مەجید ئەمین ، رەگەزی كورد ، گۆڤاری زانكۆی كۆیە ، ژمارە (٥) ، مارسی ٢٠٠٦ ، ل : ٢١ . خەلیل ئیسماعیل محمد ، إقلیم كوردستان العراق ، دراسات في التكوین القومي للسكان ، الطبعة الثالثة ،أربیل ، ص ٣.

[3] یاسین سالح ، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ،( ماستەر نامە لێكۆلینەوەیەكی شیكاری بەراورد كاریە دەربارەی هەندێک ئەزمونی رۆژهەلاتی ناوەراست ) چاپخانەی رەنج ، چاپی یەكەم ، ٢٠٠٩ ،ل: ٣١٣

[1] مسعود بارزانی ، بۆ مێژوو ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی رۆكسانا ، هەولێر ، ٢٠٢٠ ، لا ٤٣

[2] ئۆفرا بینگیۆ ، كوردی عێراق بنیاتنانی دەولەتێک لەناو دەولەتدا ، وەرگیرانی سۆران مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل : ٤١٥-٤١٩.

[3] د أزاد عثمان ، العملیة السیاسیة فی العراق الجدید ( المسار ، العراقیل و أفاق المستقبل ) جامعة صلاح الدین ، كلیة القانون و العلوم السیاسة ، مجلة القانون والسیاسة ، سنة سادسة ، رقم (٦)، أربیل ، ٢٠٠٩ ، ص. ص ٢٠٧-٢٠٨

[4] سكالا حسین محمدامین، تأثیر الاستقرار السیاسی فی أقلیم كوردستان العراق علی السیاسات النفطیة، رسالة ماجستیر ، كلیة الاداب/قسم العلوم السیاسیة ، جامعة الیرموك ، ٢٠١٢ ، ص ٨٣

[5] د ئاكۆ حەمەكەریم و ئەوانی تر ، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەكان ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی ، ٢٠١٥، لا ٤٣ - ٤٦

ئەگەری جێ بەجێ کردنی ئەم دەستورە وەك خۆیی ئەوا زۆرێك لو کێشانەی تووش نەدەبوو کە ئێستا گیرۆدەی بوە.[1] لە سالی ٢٠١١ پاش دەرچوونی ئەمریکا لە عێراق بە پێی رێکەوتنێکی ئەمنی لە نێوان ئەمریکا و حکومەتی عێراق رەفتاری حکومەتی عێراقی لەگەل هەرێمی کوردستان جۆرێک بوو لە دژ بەیەک و ناتەبایی بەمەش سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرامبەر بەم رەفتارانە نیگەرانیان پێوە دیاربوو هەر بەم هۆکارە مسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان لە جەژنی نەورۆزدا لە ئاداری ٢٠١٢ پەیامێکی ڕاگەیاند ڕدس عێراق لە قەیرانێکی قوڵدایە و زیاتر بەرەو هەلدێر و داهاتوویەکی نا ڕوون دەچێت و ڕاشیگەیاند جومگەکانی دەسەلات کۆنترۆلکراوە و عێراق ئاراستەی بەرەو دکتاتۆریەتی نادیار دەڕوات.[2] لە کۆتایی ٢٠١٣ دا هەرێمی کوردستان توشی قۆناغێکی سەخت بۆوە ئەویش بە هۆی برینی بەشە بودجەکەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە سەرکردایەتی ( نوری مالیکی ) ئەویش بە هۆکاری رادەست نەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەمەش لێرەوە قۆناغێکی سەختی ئابووری سیاسی رووبەرووی هەرێمی کوردستان بۆوە.[3] لە هاوینی سالی ٢٠١٤ دا داعش خاکی عێراقی کردە ئامانج ، یەکەم شار هێرشی کردە سەر پارێزگای موصل بوو کە داگیری کرد و هەر لەم پارێزگایەش خەلافەتی راگەیاند و دواتر زۆر بە خێرایی لە شوێنەکانی تر بلاوبۆوە و تەنانەت لە کاتێکی کەمدا چەند ناوچەیەکی وەك مخمور و گوێر و شنگال و ... داگیر کرد لەگەل گومانەکان لە چۆنیەتی دروستبوونی داعش بەلام فەیلەسوفی رووسی (ئەلێکسەندەر دۆگین) ئاماژە دەدات "رێکخراوی داعش رێخراوێکی تیرۆرستیە بە شێوەیەک وەک ئەمرازێکی هەوالگری ولاتانی زلهێزی رۆژئاوایە بە تایبەت ولاتە یەکگرتوەکان ئەمریکا و دەزگای ( CIA ) کە هەرەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی ئەو ولاتانەی کە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەمریکان." [4] سالی ٢٠١٧ بۆ هەموو کوردێک لە سەرانسەری جیهاندا وەکو وەچەرخانێکی مێژووییە ئەویش بە هۆی ئەنجامدانی ( ریفراندۆم ) بۆ پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ، ئەگەر چی لە سالی ٢٠١٤ دا ویستێك هەبوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بە هۆکاری ئەمنی و شەری داعش و هەروەها کێشە و ململانێکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هەروەها ململانێی هەمیشەیی لە نێوان شیعە و سونەکان ، بەڵام ( مسعود بارزانی ) سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان لە تەموزی ٢٠١٤ دا ئاماژەیدا بەوەی لە کات و ساتێکی لەبار و گونجاو ( ڕیفراندۆم ) ئەنجام دەدەین[5]، دواتر سەرۆك ( مسعود بارزانی ) بۆ چەندین جار داوای لە ئەمریکا کرد تەنانەت لە کۆمەلگای نێودەولەتیش بۆ ئەوەی دەرفەت و بەدیلێکی باشتر بەرامبەر بە ریفراندۆم بخەنە بەردەم نەتەوەی کورد بەلام لە کۆتایی دا سەرکردایەتی سیاسی کورد هیچ بەدیلێك و دەرفەتێکی باشتر لە ریفراندۆمیان پێشکەش نەکرا بۆیە ریفراندۆم لە کات و ساتی خۆیدا رۆژی ٢٥ ی ئەیلولی ٢٠١٧ دا ئەنجامدرا هەم لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە ژێر بەرێوبردن و کۆنتتۆلی کورد دابوون ریژەی بەشداری کردن لە پرۆسەکەدا ( ٧٢٪ ) زیاتر بوو جگە لە نەتەوەی کورد نەتەوە و پێکهاتەکانی تر بەشداریان لە پرۆسەکە نەکرد لە کۆتاییدا دەنگی بەلێ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابونەوە لە حکومەتی عێراق لە سەرووی (٩٢٪) بوو

---

[1] مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٨

[2] پەیامی سەرۆک ( مەسعود بارزانی ) سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری سالی کوردییەوە ، لە ٢٠١٢/٣/٢٠
https://youtu.be/T7kgCV4hLVs?si=JCWa4w04kLtXVuYd

[3] غانم کەریم محمد ، ، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوبردنی تەنگژەکانی عێراق ( تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان سالانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەك نمونە ) ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/زانکۆی صلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٢٠ ،ل ٧٤.

[4] ئەلیکسەندەر دۆگین ، تێزوو تیۆرەکانی ئەلیکسەندەر دۆگین ( عەقڵی پۆتین ) ، و : ئیسماعیل کوردە ، چاپی یەکەم ، کوردستان هەولێر ، ٢٠٢٣. ل١٩.

[5] مستقبل استفتاء کردستان العراق ، شبکة الجزیرة الإعلامیة ، ٧ تشرین الثاني ٢٠١٧ :
https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2017/11/171107071254942.html#a1

و دەنگە نەخێریش گەیشتە ئاستی (٧٪).[1] هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق بە هاوکاری راستەوخۆی سوپای پاسدارانی ئێران بە تایبەتی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و شاری کەرکوکیان گرت و لە ماوەیەکی کورتدا ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیان خستەوە ژێر رکێفی خۆیان کە پێشتر بە دەست هیزەکانی پێشمەرگەوە بوون روداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر بوونە هۆی دروستبوونی گۆرانکاری زۆر گەورە بۆ گەلی کورد.[2] ئەگەر چی بە گوێرەی مادەی ( ١٢١ ) دەستوری هەمیشەیی عێراق هێزی پێشمەرگە بە فەرمی وەکو پاسەوانی هەرێمی کوردستان دانی پێدانراوە و توانیویانە ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێبکەن و قارەمانانە روبەرووی داعش وەستانەوە بەلام حکومەتی عێراق بە رێکەوتنی سێ قۆلی لەگەل هەریەک لە ئێران و تورکیا دوای ئاگادارکردنەوەی ٢٤ کاتژمێری و دواتر ٤٨ کاتژمێری هێزی بەکارهێنا و هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە لە شاری کەرکوک بە تایبەتی رەفتاری هێزە جیاوازەکانی عێراق بەرامبەر بە هیزەکانی پێشمەرگە پێچەوانەی دەستور بوو کە زۆر بە روونی ئاماژەی داوە بەوەی نابێت هێز لە دژی هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە و پرسە ناوەخۆییەکان بەکاربهێنرێت.[3] سەرەرای هەموو کێشەکان پێگەی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیەوە پەیوەستە بە چەند تایبەتمەندیەکی سیاسی و ئابوری و جوگرافی و کۆمەلایەتی و کەلتوریەوە هەر یەک لەم تایبەتمەندیانەش کاریگەریان لەسەر رەفتار و بارودۆخی سیاسی و هێز و پێگەی هەرێمی کوردستان هەیە یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیەوە ئەوەیە کە خاوەن پێگەیەکی جیۆستراتیژیە بە پێی تیۆری زانا ( سیر هالفۆرد .ج.ماکندەر ) پێگەی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیەوە دەکەوێتە ناو دلی زەوی ( heart land ) بۆیە دەتوانین بلێین هەرێمی کوردستان بە پێی فاکتەرە گۆراو و نەگۆرەکان خاوەن پێگەیەکی گرینگ بووە لە رووی سیاسیەوە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا هەمیشە جێگای بایەخ بووە بۆیە بە دروست کردنی دەسەلاتێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی پەیوەندیە هەرێمی و نێودەولەتیەکان بەرەو ئاستێکی سەرکەوتوو ببات بۆیە هەرێمی کوردستان خاوەن دیفاکتۆیە و دانپێدانانە بە شێوەیەکی واقعی لە لایەن ولاتە زلهێزەکانیش پێگەی هەرێمی کوردستان هەمیشە جێی بایەخ بووە سەرەرای هەموو ئەمانەش هەرێمی کوردستان خاوەن فاکتەرێکی سەقامگیریە بۆیە جێگای سەرنج و تێروانینی ولاتەکانە هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەوەیە پێگەی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیەوە لە ئاستێکی بەرز دایە چونکە خاوەن دەسەلاتێکی سیاسیە و لە رێگای هەلبژاردنەوە هەروەها ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان بۆتە فاکتەرێکی بەهێزتر لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەولەتی هەم لە رووی سیاسیەوە هەم لە رووی دبلۆماسیەوە لەگەل جیهانی دەرەوە و هەم لەسەر ئاستی ناوەخۆش.[4]

### بەشی سێیەم / دۆزی فەلەستین لە پێکهاتەی هاوکێشە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئاڵۆزە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. ئەم پەیوەندییانە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨، بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوونە. بۆ تێگەیشتن لە

---

[1] Dylan O'Driscoll & Bahar Baser )(2019) : İndependence referendums and nationalist the topics : the Kurdistan Region of Iraq, Trid World Quarterly , at : https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/01436597.2019.161763

[2] هاورێ حەسەن حەمە ، شانزەی ئۆکتۆبەر خیانەت یان بریارێکی عەقلانی ، گۆڤاری جۆرنال ، ژمارە ( ٢٥) ،سلێمانی ، ٢٠١٨ ، ل ٦ .

[3] دەستور العراقي الدائم ٢٠٠٥ https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=ar :

[4] زێندین مەولود خدر ، کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان -عێراق ، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان ، زانکی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠١٥، ل ٤٢-٤٦.

سیاسەتی فەلەستین بەرامبەر بە ئیسرائیل، پێویستە سەرنج بدەینە چەند قۆناغێکی سەرەکی. لە سەرەتادا، ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین (PLO) کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، سیاسەتێکی نەرمی نەبوو بەرامبەر بە ئیسرائیل.[1]

لەو سەردەمەدا، هەڵوێستی فەرمی PLO دژی بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو و ئامانجی سەرەکی ئازادکردنی هەموو خاکی فەلەستین بوو. ئەم ڕوانگەیە تا ساڵەکانی ١٩٨٠ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٨٧، ڕاپەڕینی یەکەم (ئینتیفازەی یەکەم) ڕوویدا کە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سیاسەتی فەلەستیندا دروست کرد. لە ساڵی ١٩٨٨، PLO بۆ یەکەم جار ڕای گەیاند کە ئامادەیە چارەسەرێکی سیاسی بدۆزێتەوە و بناغەی دەوڵەتی فەلەستین لە سەر سنوورەکانی ١٩٦٧ دابمەزرێنێت، واتە لە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە.[2]

ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣ خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کاتێک PLO بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا و ئیسرائیلیش دانی بە PLO وەک نوێنەری فەرمی گەلی فەلەستین دانا. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە، دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین (PA) دامەزرا کە بەرپرسیار بوو لە بەڕێوەبردنی ناوچە فەلەستینییەکان. دوای شکستی وتووێژەکانی کامپ دەیڤید لە ساڵی ٢٠٠٠، ئینتیفازەی دووەم دەستی پێکرد کە توندوتیژی زیاتری بەدوای خۆیدا هێنا. لە ساڵی ٢٠٠٦، بزووتنەوەی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا سەرکەوت، کە ئەمەش دابەشبوونێکی ناوخۆیی لە نێوان حەماس و فەتح دروست کرد.[3]

حەماس کۆنترۆڵی کەرتی غەززەی گرتە دەست و سیاسەتێکی توندتری بەرامبەر بە ئیسرائیل پەیڕەو کرد، لە کاتێکدا دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین لە کەناری ڕۆژئاوا پابەند بوو بە چارەسەری دوو دەوڵەت. لە دەیەی ڕابردوودا، فەلەستین هەوڵی داوە لە ڕێگەی نێودەوڵەتییەوە دانپێدانان بەدەست بهێنێت. لە ساڵی ٢٠١٢، فەلەستین وەک "دەوڵەتی چاودێر" لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا، هەرچەندە هێشتا نەبووە بە ئەندامی تەواو. سیاسەتی فەرمی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین هەر ئەوەیە کە پشتگیری لە چارەسەری دوو دەوڵەت دەکات لە سەر بنەمای سنوورەکانی ١٩٦٧.[4]

پێگەی یاسایی فەلەستین لە ئاستی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. لە ساڵی ١٩٧٤، ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین (PLO) وەک "چاودێر" لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیرا و وەک "نوێنەری ڕەوای گەلی فەلەستین" ناسرا. ئەمە یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو بۆ ناساندنی فەلەستین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. گۆڕانکارییەکی گەورە لە ساڵی ٢٠١٢ ڕوویدا، کاتێک کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ (١٣٨ لە بەرامبەر ٩) بڕیاری دا پێگەی فەلەستین بەرز بکاتەوە بۆ "دەوڵەتی چاودێری نا-ئەندام" (non-member observer state).[5]

ئەم پێگەیە یاساییە هەمان ئەو پێگەیەیە کە ڤاتیکان هەیەتی. ئەم بڕیارە سەرەڕای دژایەتی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەسەند کرا. بەرزکردنەوەی پێگەی فەلەستین بۆ "دەوڵەتی چاودێر" کاریگەری یاسایی گرنگی هەبوو. ئەم پێگەیە ڕێگایدا بە فەلەستین بەشێوەیەکی فەرمی تر بەشداری لە کارو چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، و دەرگای کردەوە بۆ بەشداریکردن لە ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.[6] بەڵام هێشتا دەوڵەتە زلهێزەکان وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و زۆربەی دەوڵەتانی

---

[1] رشيد الخالدي: القفص الحديدي، قصة النضال الفلسطيني من أجل الدولة، ، 2006، الولايات المتحدة، بيكون برس، ص٦٣

[2] نورة عريقات: العدالة لبعض، القانون ومسألة فلسطين، ، 2019، الولايات المتحدة، ستانفورد يونيفرسيتي برس، ص٩٦

[3] سمية عوض وبراين بين: فلسطين، مقدمة اشتراكية، ، 2020، الولايات المتحدة، هايماركت بوكس، ص ٣٩

[4] نعوم تشومسكي: المثلث المشؤوم، الولايات المتحدة، إسرائيل والفلسطينيون، ، 1983، الولايات المتحدة، هايماركت بوكس،ص٤٥

[5] جبارين يوسف (2018). "الوضع القانوني لفلسطينيي الداخل: تحليل سياسي-قانوني". المركز الفلسطيني للدراسات الإسرائيلية (مدار)، رام الله، الطبعة الثانية، ص. 78

[6] الخالدي أحمد (2017). "اتفاقيات أوسلو والوضع القانوني للسلطة الفلسطينية". دار الشروق، عمان، الطبعة الثالثة، ص. 156

ئەوروپای ڕۆژئاوا، دانیان بە فەلەستین وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەناوە، کە بەربەستێکە لە بەردەم ئەندامێتی تەواوی فەلەستین لە نەتەوە یەکگرتووەکان. فەلەستین ئەندامە لە چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناوچەیی. لە ساڵی ٢٠١١، فەلەستین بووە ئەندامی یونیسکۆ (UNESCO) کە یەکەم ئاژانسی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە فەلەستینی وەک ئەندامی تەواو وەرگرت. ئەمەش ڕێگای کردەوە بۆ داواکردنی ناساندنی شوێنە کولتووری و میراتییەکانی فەلەستین لە لیستی میراتی جیهانی. هەروەها، فەلەستین ئەندامی چالاکە لە ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی و جامعەی دەوڵەتانی عەرەبی.[1]

رەهەندەکانی پرسی فەلەستین :

یەکەم / رەهەندی تایبەت بە فەلەستین:

فەلەستینییەکان بەشێکن لە نەتەوەی عەرەبی و بە هیچ شێوەیەك نەتەوەی عەرەبیش جیاناکرێتەوە لە ، هەرچەند کات تێپەر بێت و ساڵ بروات هەمیشە فەلەستینییەکان وەك نەتەوەیەکی عەرەبی دەمینێتەوە ، لەگەل ئەوەشدا هەولەکانی ئیسرائیل بۆ لە ناوبردنی پرسی فەلەستین وەک نەتەوەی عەرەبی لە رووی زمان و خاك و کولتور .... هتد ، هەرگیز ناتوانێت ئەم پرسە لە ناو ببات و یاخود جودای بکاتەوە لە نەتەوەی عەرەبی ، فەلەستین مێژووە و دۆزەکەی بابەتێك نیە بتوانرێت هەلوەشێندرێتەوە چونکە تەنها پرسی خێلەك و خۆپیشاندانێکی ئاسایی نیە بەلکو فەلەستین خودی خۆیی مێژووە لە رووی زمان و مێژوو و خاك و کولتور ..... هتد تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیی هەیە ، هەر بۆیە هەلوەشاندنەوەی مێژوو و سڕینەوەی کارێکی ئاسان نیە ، مێژوو سەلماندویەتی پاکتاوی نەتەوەیی کارێکی ئەستەمە و ئاسان نیە ، بۆیە تاکە رێگاچارە بۆ ئەوەی ئیسرائیل وجودیەتی خۆی بسەلمێنێت دەبێت بە رەسمی دان بەپرسی فەلەستیندا بنێت وەك نەتەوە بێت یاخود نەتەوەی عەرەبی ، شارستانیەت ، مێژوو ، چونکە هەموو هەولێکی سەربازی ئیسرائیل بۆ پاکتاوی نەتەوەیی بە ئامانج ناگات لەبەر ئەوەی فەلەستین وەك مێژوو وجودیەتی خۆی هەیە وەك نەتەوەیەکی زیندوو.[2]

دووەم / رەهەندی نەتەوەی عەرەبی :

ئەم رەهەندە ئاماژە دەکات بەوەی کە ئیسرائیل قەوارەیەکی مەترسیدارە لەسەر لایەنی رۆشنبیری و شارستانیەت و تەکنەلۆژی و سەربازی بۆ سەر فەلەستینیەکان ، ئەم مەترسیانە راستەوخۆ پەیوەستە بە نەتەوەی عەرەبی ، چونکە فەلەستین بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی عەرەبی ، بۆیە هەر هەولێك لە لایەن هەر دەولەتێکی عەرەبی یاخود رێکخراوێکی عەرەبی نیازی ئاشتی هەبێت لەگەڵ ئیسرائیل یان هەر جۆرە پەیوەندیەك راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە کۆی وڵاتانی عەرەبی ، واتە هەر وڵاتێکی عەرەبی بیەوێت پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل ببەستێت ئەوا راستەوخۆ دەبێتە هەرەشە لەسەر وڵاتانی تری عەرەبی ( لە نیل بۆ فورات ) ، چونکە ئیسرائیل وەك دوژمنێکی سەرسەختی جیهانی عەرەبیە ، بە شێوەیەك دەبێت وڵاتانی عەرەبی بە هیچ جۆرێك هەوڵی پەیوەندی تاک لایەنە نەدات لەگەڵ ئیسرائیل لەبەر ئەوەی پرسەکە گرێدراوی کۆی وڵاتانی عەرەبیە[3]. ڕاستە لە قۆناغی ئێستادا بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی پەیوەندیەکانیان ئاسایی کردۆتەوە لەگەڵ ئیسرائیل ، بەڵام سەرەنجام پرسی فەلەستین گرێدراوە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی عەرەبی ، چونکە ئامانجی ئیسرائیل تەنها فەلەستین نیە بەڵکو هەڵگری پرۆژەیەکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پەیوەندیدارە بە کۆی وڵاتانی عەرەبی .

---

[1] القدسي بلال (2019). "الاعتراف الدولي بدولة فلسطين: المسار القانوني". مركز الزيتونة للدراسات والاستشارات، بيروت، الطبعة الثانية، ص. 112

[2] لبيب قمحاوي ، القضية الفلسطينية والمشكلة الإسرائيلية : رؤية جديدة ، الطبعة الأولى ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ٢٠٢٢ ، ص ص ٨٩-٩٠

[3] لبيب قمحاوي ، نفس مصدر، ص ص ٩٣-٩٤

## بەشی چوارەم/ ئایندەی هەریەک لە پرسی هەرێمی کوردستان و فەلەستین

### داواکاری یەکەم / پرسی هەرێمی کوردستان

گرنگە هەرێـمی کوردستان ستراتیجێکی تایبەتی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارچەکانی تر و هەرێمی کوردستان، وەک ناوەندێک بۆ ئاراستەکردنی پرسی کورد لە جیهاندا. واتا، دەکرێت هەرێمی کوردستان ناوەندی دارِشتنی سیاسەتی تایبەت بە پرسی کورد بێت، چونکە شەرعیەتی زیاتر و مەقبولیەتی زیاتری هەیە لە لایەنێکی سیاسی، یان حزبێکی سیاسی کە بەتەنیا بەو پرسە هەڵبستێت. لە راستیدا نە پەکەکە و نە پارتی و نە هیچ لایەنێکی تریش ناتوانن ئەو کارە بە تەنیا بکەن، ئەگەر بەو کارەش هەڵسن دواجار پرسەکە سەرناگرێت و دەچێتە قاڵبێکی حزبی، لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هەر وەک هەوڵی حیزبی سەیردەکرێن؛ لە رابردووشدا چەند هەوڵی لەو جۆرە هەبوون بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان سەریان نەگرتووە و هەندێکیشیان هەر بە مردوویی لەدایکبوون. زۆر گرنگە کورد ستراتیجێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ناوچەکەدا، ناکرێت ئەو پرسە بۆ ماوەی چەندین سەدە هەر بکرێتە قوربانیی ململانێی لایەنە سیاسییەکان، بە تایبەت کە ئێمە ئێستا لەبەردەم چەندین رووداوی مێژوویی گرنگین لە ناوچەکەدا، خەریکە سەرلەنوێ نەخشەی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێت و نەزمێکی هەرێمی نوێ دێتەکایەوە، ئەگەر کورد هەر وا بە پەرشوبڵاویی، لە چاوی ملانێی تەسکی حیزبایەتی لەو پرسە بڕوانێت نەک هیچمان بەرناکەوێت، بەڵکو ئەوەی هەشمانە دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە زێدە گرنگە هەرێمی کوردستان بکرێتە ناوەندی بڕیاری پرسی کورد لە ناوچەکە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم تەنیا ناوەند و هەرێمێکی شەرعی دانپێدانراوە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، تەنیا دەسەڵاتێکی کوردییە کە دەستاودەستی دەسەڵات و هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی تێدا ئەنجام دەدرێت لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بێجگە لەوەش هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی لە ئاستی فەرمیدا لەگەڵ ئەمریکا و چەندین هێزی تری ناوچەکەدا هەیە، بە تایبەت پەیوەندار بە پرسی دژایەتیی تیرۆر، بۆیە دەکرێت هەرێم ناوەندێکی سیاسی و دامەزراوەیی (political and institutional center) بێت بۆ پرسی کورد لە ناوچەکە و جیهاندا. راستە ئەم هەوڵە جێگای دڵخۆشی هێزێکی هەرێمی وەک تورکیا و تا ئاستێکی کەمتر ئێران نابێت، بەڵام خۆ ناکرێت ئێمە تاسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و سیاسی خۆمان بکەینە قوربانی دراوسێکانمان، هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی هەیە.[1]

ستراتیژە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ داهاتویەکی ڕۆشن بریتیین لە (یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حکوومەت، یەک هێزی پێشمەرگە)، ئەم دیدە لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەمیشە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە دەبینێت، واتا شەرعییەتی یاسایی و دیموکراسی و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون، دیدگای چەسپاوی گەلی کوردە بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان .ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسۆیەکی گەش جەخت دەکاتە سەر پاراستن و پێشخستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، هەموو پرۆژە و ئامانجەکان نیشتمانیین کە بریتیین لە بنیاتنانی ژێرخانی بەهێز و گرنگیدان بە شوناسی نیشتیمانی قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و تەبایی و پێکەوەیی هەموو نەتەوە و ئایینەکان.[2]

---

[1] د. زوبێر ڕەسول ، هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بکات ، سایتی ڕوداو ، مێژووی سەردانیکردن ، ٢٠٢٥/٣/٢١ ، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/151220241 .

[2] فرسەت سەید شکور، ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، سایتی باس نیوس ، مێژووی سەردانیکردن ، ٢٠٢٥/٣/١٩ ، https://www.basnews.com/so/babat/865804 .

### داواكاری دووەم / پرسی فەلەستین

پرسی فەلەستین و روداوەكانی فەلەستین پێویستە لە روانگەی مێژووییەوە سەیر بكرێت ، تۆفانی ئەقسا كاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەراست ، هاوكات وەڵامی هێرشەكانی ئیسرائیل بۆ سەر كەرتی غەززە كارێكی تەواو درندانە و وەحشیگەرانەیە و پێچەوانەی بەها و یاسای مرۆییە ، بیرمەندی ڕوسی ئەلیكساندەر دۆگین دەڵێت " فەلەستینیەكان هێزێكی خۆڕاگر و چاونەترسن ، بەڵام خەبات بۆ ئازادی و دەوڵەتداری و دادپەروەری بەم شێوەیە بە ئامانج ناگات ، دەبێت جیهانی عەرەبی وەڵامێكی یەكگرتووی هەبێت لەسەر پرسی فەلەستین ، هەروەها دەبێت نەتەوەی عەرەبی ئەولەویەتی پرسی فەلەستین بێت " ئاوارەكردنی هاوڵاتیانی كەرتی غەززە بە پیلانی ئەمریكا هیچ بوارێك ناهێلێتەوە بۆ پرسی فەلەستین ، ئەمەش لە لایەن ڕوسیا و زۆربەی وڵاتانی جیهان دژایەتی دەكرێت، ئەم بیرمەندە جەخت لەوە دەكاتەوە دەبێت سەركردەكانی بزوتنەوەی حەماس هەوڵ بۆ دروستكردنی هاوپەیمانی بدەن ، بە جۆرێك هاوپەیمانیەكی سیاسی و سەربازی بەهێز بێت تەنانەت ئەگەر لەگەڵ لایەنی لاوازیش بێت، لە لایەكی تر دەبوایە گشت فەلەستینیەكان لەگەڵ هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە هەنگاوی خێرا و گەورە بنێن ، وەك ڕاپەرین لە كەرتی ڕۆژئاوا ، هێرشكردن لە غەززەوە ، ڕاپەرینی فەلەستینیەكان لە ناوەخۆی ئیسرائیل ، كاریگەری گەورەی دروست دەكرد لەسەر رەفتاری ئیسرائیل ، ئەم بیرمەندە رەخنەی توند ئاراستەی جیهانی ئیسلامی دەكات دەڵێت " هیچ یەكگرتوییەك و هەماهەنگیەك و هاوبەشیەك نیە لە نێوان وڵاتانی خاوەن ئایدۆلۆژیای هاوبەشی ئیسلامی تاكو ببنە هێزێكی كاریگەر و راستەقینە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، چونكە هیچ كاتێك لەسەر زەوی كۆلۆنیالیزم ناوەستێت تەنها شێوازی گۆڕاوە هەندێك جار زۆر توند و راستەوخۆیە هەندێكجاریش سروشتی راستەقینەی خۆی بە چەمكی مرۆیی جۆراوجۆر داپۆشراو دەكات، پێویستە جیهانی ئیسلامی خۆی ئامادە بكات بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریكا كە ئیسلامفۆبیایەكی زۆر سەختن[1] "

### دەرەنجام

یەكێك لە گەورەترین نەتەوەكان كە دەوڵەتی خۆیان نیە كوردەكانن ، كە بەسەر چوار دەوڵەتی ( عێراق ، سوریا ، ئێران ، توركیا ) دابەشكراون ، زمانێكی تایبەت بە خۆیان هەیە كە هیچ پەیوەندی بە زمانی عەرەبی و توركی و فارسیەوە نیە ، زۆربەشیان موسلمانی سوننەن ، هەرچەندە پاش جەنگی جیهانی یەكەم كوردەكان بەردەوام لە هەوڵدا بونە بۆ دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەڵام بەدی نەهات ، دەوڵەتانی دراوسێ بەردەوام هەوڵی هێشتنەوەی كوردەكانیان دەدەن لە لە دەوڵەتی خۆیان ، بەڵام كوردەكان لە ئاستی ناوەخۆی توشی دابەشبونی سیاسی بون و زیاتر پەرت و بڵاون ، بەڵام لە دەستوری عێراقی نوێ 2005 ، حكومەتێكی سەربەخۆی لە هەرێمی كوردستان بۆ كوردەكان هێناكایەوە ، بەهاری عەرەبی لە ساڵی 2011 ، دەرفەتێكی نوێی بۆ نەتەوەی كورد رەخساند ، هەروەك سەركردەیەكی كورد دەڵێت " هەموو راستیەكانی سەر زەوی پاڵپشتی كورد دەكەن بۆ سەربەخۆی ، هێزە نێودەوڵەتییەكان چیتر ناتوانن بێ بەشداری كورد هیچ یەكێك لە كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست چارەسەر بكەن ". كێشە و ململانێیەكان لەسەر خاكی دەوڵەتان و ئارەزووی نەتەوەكان بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ ، بۆتە سەرچاوەیەكی سەرەكی ناسەقامگیری و كیشەكان ، یەكێك لە

---

[1] ألكسندر دوغين ، إسرائيل ارتكبت عملا وحشيا وخسرت تعاطف العالم ، تاريخ زيارة ، ٢٠٢٥/٣/١٦ ، موقع الغد ، https://www.alghad.tv/أخبار-الغد/news/ألكسندر-دوغين-إسرائيل-ارتكبت-عملا-وحشيا-_وخسرت-تعاطف-العالم
.

ململانێ سەختەکان لە نێوان جوولەکەی ئیسرائیل و عەرەبە فەلەستینیەکانە ، کە هاردوولا بانگەشەی خاوەنداریەتی هەمان خاك دەکەن ، گرینگترین فاکتەرەکانی ئالۆزبونی کێشەی نێوانیان بریتیە لە : بە پیرۆز دانانی هەندێك شوێن و مۆنۆمێنت لە لایەن موسلمان و جولەکە و مەسیحیەکان ، بەرهەڵستی توندی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ بونی دەوڵەتی ئیسرائیل و فراوانکردنی خاکەکەی ، لە ساڵی 1948 ەوە لەگەڵ دامەزراندنی ئیسرائیلەوە ، عەرەب و جولەکەکانی فەلەستین لە چەندین شەڕ و ڕاپەڕین و خۆپیشاندان تێوەگلاون ، کە زیانێکی زۆری بە مەدەنییەکانی هەردوولا گەیشتوە سەرەڕایی کوشتن و ئاوارەبون. لە دوای ساڵی ٢٠١٧، ڕووداوە سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکان لە فەلەستین و هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون و کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پرسی هەردوولا هەبووە. وەك ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام لە ساڵی ٢٠٢٠، هەندێک وڵاتی عەرەبی وەک میرنشینە یەکگرتووە عەرەبییەکان و بەحرەین ڕێککەوتنەکانی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کرد. ئەم ڕێککەوتنانە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بارودۆخی فەلەستین هەبوو، چونکە فەلەستینییەکان پێیان وابوو کە ئەم ڕێککەوتنانە بە بێ ئەوەی قەیرانی فەلەستین لەبەرچاو بگیرێت، ئەنجامدراون، گەشەسەندنی نیشتەجێبوونەکانی ئیسرائیل لەم ماوەیەدا، حکومەتی ئیسرائیل بەردەوام بوو لە گەشەپێدانی نیشتەجێبوونەکانی لەناو خاکی فەلەستین، کە ئەمەش بەهۆیەوە ناڕەزاییەکی زۆری لە ناو کۆمەڵگەی فەلەستین و نێودەوڵەتی دروست کردووە ، لە ئاستی ناوەخۆی فەلەستیندا ناکۆکی سیاسی گەورە لە نێوان حیزبەکانی فەتح و حەماس بەردەوام بوو، کە ئەمەش بوە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی فەلەستین و لێکترازانی زیاتری لە ناوخۆی فەلەستین دروست کردووە. هەرچی تایبەت بە هەرێمی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٧ و دواتر، هەڵبژاردنی سەربەخۆیی ئەنجامدا، کە ئەمەش بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆر لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراق و هەندێک وڵاتی دراوسێ. دوای ئەم هەڵبژاردنە، حکومەتی عێراق هەڵمەتی سەربازییەکی لە دژی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و چەندین ناوچەی گرنگی وەک کەرکووک و هەولێری گرتەوە ، کێشە ئابوورییەکان و دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی مووچەی کارمەندانی حکومەت گەلێك بەربەست بوون لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان ، واتە قەیرانی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتی حکومەت کاریگەریەکی ئێجگار گەورەی دروست کرد لەسەر هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاتیەوە .

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. هەورامان فەریق کەریم ، سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەریمی کوردستان ، هەشتەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەولەتی ( Reform and Political Change ) زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، سلێمانی ، ٢٠٢١ ، لا : ٢٩٠
2. هەورامان فەریق ، چەمکناسی : نەتەوە ، ناسنامەی ئیتنیکی ، ناسنامەی نەتەوەیی ، وەرزەنامەی ئێراناسی ، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی ، سلێمانی ، ژمارە ٢ ، کانونی دووەمی ٢٠٢٢ ، ل ١٥٤-١٥٥
3. کارێن أ . مینگست ، ئیڤان م . ئارێگوین ، بنەماکانی پەیوەندییە نێودەولەتیەکان ، و: لە ئینگلیزیەوە عومەر عەلی غەفور ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، ٢٠٢٢ ، لا ١٩٠
4. چنور ئەکبەر پوور ، فەرهەنگی سیاسی ، و لە فارسیەوە : زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە ، ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، ٢٠٠٦ ، لا ٢١٧.
5. د.عبدولله عەلی عەبۆ ، یاسای نێودەولەتی گشتی ، چاپخانەی یادگار ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٧ ، ل ٢٣٨.
6. ئەلیکساندەر دۆگین ، تیۆری چوارەمی سیاسەت ، و : وریا غەفوری ، چاپخانەی حەمدی ، دەزگای ئایدیا ، ٢٠١٧ ، لا ٥١
7. یاسین سالح ، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ،( ماستەر نامە لێکۆلینەوەیەکی شیکاری بەراورد کاریە دەربارەی هەندێک ئەزمونی رۆژهەلاتی ناوەراست ) چاپخانەی رەنج ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٩ ، ل: ٣١٣
8. مسعود بارزانی ، بۆ مێژوو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆکسانا ، هەولێر ، ٢٠٢٠ ، لا ٤٣

9. ئۆفرا بینگیۆ ، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا ، وەرگێرانی سۆران مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل : ٤١٥-٤١٩.
10. د. ئاکۆ حەمەکەریم و ئەوانی تر ، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی ، ٢٠١٥، ل ٤٣ -٤٦.
11. پەیامی سەرۆک ( مەسعود بارزانی ) سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و سەری سالی کوردییەوە ، لە ٢٠١٢/٣/٢٠ https://youtu.be/T7kgCV4hLVs?si=JCWa4w04kLtXVuYd
12. غانم کەریم محمد ، ، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوبردنی تەنگژەکانی عێراق ( تەنگژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٨ وەك نمونە ) ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان/زانکۆی صلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٢٠ ،ل ٧٤.
13. ئەلیکسەندەر دۆگین ، تێزوو تیۆرەکانی ئەلیکسەندەر دۆگین ( عەقڵی پۆتین ) ، و : ئیسماعیل کوردە ، چاپی یەکەم ، کوردستان هەولێر ، ٢٠٢٣. ل١٩ .
14. هاوڕێ حەسەن حەمە ، شانزەی ئۆکتۆبەر خیانەت یان بریارێکی عەقلانی ، گۆڤاری جۆرنال ، ژمارە ( ٢٥) ،سلێمانی ، ٢٠١٨ ، ل ٦.
15. زێندین مەولود خدر ، کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان -عێراق ، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زانستە سیاسیەکان ، زانکی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠١٥، ل ٤٢-٤٦.
16. د. زوبێر رەسول ، هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بکات ، سایتی ڕوداو ، مێژووی سەردانیکردن ، ٢٠٢٥/٣/٢١ ، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/151220241 .
17. فرسەت سەید شکور، ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، سایتی باس نیوس ، مێژووی سەردانیکردن ، ٢٠٢٥/٣/١٩ ، https://www.basnews.com/so/babat/865804 .

سەرچاوە عەرەبیەکان:

1. د وضاع زيتون ، المعجم السياسى ، دار أسامه النشر و التوزيع و دار المشرق الثقافى ، عمان ، ٢٠٠٦ ، ص : ٤٥
2. د أزاد عثمان ، العملية السياسية فى العراق الجديد ( المسار ، العراقيل و أفاق المستقبل ) جامعة صلاح الدين ، كلية القانون و العلوم السياسة ، مجلة القانون والسياسة ، سنة سادسة ، رقم (٦)، أربيل ، ٢٠٠٩ ، ص. ص ٢٠٧-٢٠٨
3. سكالا حسين محمدامين، تأثير الاستقرار السياسى فى أقليم كوردستان العراق على السياسات النفطية، رسالة ماجستير ، كلية الاداب/قسم العلوم السياسية ، جامعة اليرموك ، ٢٠١٢ ، ص ٨٣
4. موستقبل استفتاء كردستان العراق ، شبكة الجزيرة الإعلامية ، ٧ تشرين الثاني ٢٠١٧ : https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2017/11/171107071254942.html#a1
5. القفص الحديدي: قصة النضال الفلسطيني من أجل الدولة، رشيد الخالدي، 2006، الولايات المتحدة، بيكون برس، ص٦٣
6. العدالة لبعض: القانون ومسألة فلسطين، نورة عريقات، 2019، الولايات المتحدة، ستانفورد يونيفرسيتي برس، ص٩٦
7. فلسطين: مقدمة اشتراكية، سمية عوض وبراين بين، 2020، الولايات المتحدة، هايماركت بوكس، ص ٣٩
8. المثلث المشؤوم: الولايات المتحدة، إسرائيل والفلسطينيون، نعوم تشومسكي، 1983، الولايات المتحدة، هايماركت بوكس،ص٤٥

9. جبارين يوسف (2018). "الوضع القانوني لفلسطينيي الداخل: تحليل سياسي-قانوني". المركز الفلسطيني للدراسات الإسرائيلية (مدار)، رام الله، الطبعة الثانية، ص. 78
10. الخالدي أحمد (2017). "اتفاقيات أوسلو والوضع القانوني للسلطة الفلسطينية". دار الشروق، عمان، الطبعة الثالثة، ص. 156
11. القدسي بلال (2019). "الاعتراف الدولي بدولة فلسطين: المسار القانوني". مركز الزيتونة للدراسات والاستشارات، بيروت، الطبعة الثانية، ص. 112
12. لبيب قمحاوى ، القضية الفلسطينية والمشكلة الإسرائيلية : رؤية جديدة ، الطبعة الأولى ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ٢٠٢٢ ، ص ص ٨٩-٩٠
13. ألكسندر دوغين ، إسرائيل ارتكبت عملا وحشيا وخسرت تعاطف العالم ، تاريخ زيارة ، ٢٠٢٥/٣/١٦ ، موقع الغد ، https://www.alghad.tv/أخبار-الغد/news/ألكسندر-دوغين-إسرائيل-ارتكبت-عملا-وحشيا- وخسرت-تعاطف-العالم .

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. David L sills and others , International Encyclopedia of the social sciences, second Edition, The macmillan Company & The free press , Volume 11-12 ,New york , 1972 , p:8
2. Gellner, E. (1983). Nations and Nationalism. Cornell University Press, p35
3. Payind, & McClimans, M. (2016). *Nation States and Stateless Nations*. Pressbooks.pub; The Ohio State University. https://ohiostate.pressbooks.pub/key2mideast/chapter/nation-states-and-stateless-nations/
4. Roos, D. (2019, October 28). *5 Large Nations With No Homeland*. HowStuffWorks. https://history.howstuffworks.com/world-history/people-groups-with-no-homelands.htm
5. Albert.io. (n.d.). *Stateless nations: AP human geography crash course review*. Retrieved October 30, 2023, from https://www.albert.io/blog/stateless-nations-ap-human-geography-crash-course-review/ .
6. Wendt, A. (1992). Anarchy is what states make of it: The social construction of power politics. International Organization, 46(2), p 391 .
7. Finnemore, M., & Sikkink, K. (1998). International norm dynamics and political change. International Organization, 52(4), p887.
8. Waltz, K. (1979). Theory of International Politics. Berkeley: University of California. ISBN 0-201-08349-3, p. 96.
9. Dylan O'Driscoll & Bahar Baser )(2019) : İndependence referendums and nationalist the topics: the Kurdistan Region of Iraq, Trid World Quarterly , at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/01436597.2019.161763
10. Anderson, B. (1983) Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso, p. 6.

# القضية الوطنية في المعادلات السياسية في الشرق الأوسط: إقليم كوردستان وفلسطين بعد عام 2017 نموذجا


| |
|---|
| ديار موحسين كانبى |
| طالب ماجستير، كلية العلوم السياسية جامعة صلاح الدين- اربيل |
| Diyartolas@gmail.com |
| أ. م. د. شمال حسين مصطفى |
| كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- اربيل |
| shamal.mustafa@su.edu.krd |



## ملخص

تجري هذه الدراسة تحليلا شاملا ومبتكرا للمسارات السياسية في إقليم كردستان وفلسطين، لا سيما في أعقاب التحولات الكبيرة التي شهدتها المنطقة منذ عام ٢٠١٧. وبينما تختلف الحالتان في سياقيهما التاريخيين وصراعاتهما، إلا أنهما تشتركان في قواسم استراتيجية مشتركة في مواجهة التحديات الدولية والسعي لتحقيق التطلع إلى الاستقلال. يجمع البحث ويوظف بشكل منهجي مصادر متنوعة، بما في ذلك الوثائق الدولية، وتحليلات وتقارير إعلامية، وأدبيات أكاديمية، لتقديم رؤى جديدة حول العلاقة بين القضيتين الكردية والفلسطينية. لا تتمتع هذه الدراسة بقيمة أكاديمية فحسب، بل يمكن أن تشكل أيضا أساسا للتخطيط السياسي المستقبلي. تشمل النتائج الرئيسية تحديد أوجه التشابه الاستراتيجية بين الحالتين على المستويين المحلي والدولي، إلى جانب تحليل الفرص والعقبات على المستويين المحلي والعالمي. ونتيجة لبحثنا فإن مستقبل قضيتي إقليم كردستان وفلسطين يعتمد على التغيرات والسياسات الإقليمية والدولية.


الكلمات المفتاحية: إقليم كوردستان - فلسطين – استقلال – الحكم الذاتي.

# National Issues in the Political Equations of the Middle East: The Cases of Kurdistan and Palestine After 2017


| |
|---|
| Diyar Mohsin Kanabi |
| Master's student, College of Political Sciences، Salahaddin University- Erbil |
| Diyartolas@gmail.com |
| Prof.Assist. Dr. Shamal Hussein Mustafa |
| College of Political Sciences Salahaddin University- Erbil |
| shamal.mustafa@su.edu.krd |



## ABSTRACT

This research conducts a comprehensive and innovative analysis of the political trajectories of the Kurdistan Region and Palestine, particularly following the significant transformations since 2017. While the two cases differ in their historical contexts and struggles, they share strategic commonalities in confronting international challenges and pursuing the aspiration for independence and autonomy. The research systematically collects and utilizes diverse sources, including international documents, media analyses and reports, and academic literature, to present fresh insights into the relationship between the Kurdish and Palestinian questions. This study not only possesses academic value but can also serve as a foundation for future political planning. The key findings

**include identifying strategic parallels between both cases at domestic and international levels, along with analyzing opportunities and obstacles on both local and global scales. As a result of our research, the future of both the Kurdistan Region and Palestine issues depends on regional and international changes and policies.**

**Keywords: Kurdistan Region - Palestine – Independence – Autonomy.**